رۆناڵدۆ شەڕێکی شاراوەی لەدژی بارسا و مێسی دەستپێکردووە..

# پۆل پۆگبا ریزەکانی ریال مەدرید تێکدەدات



رووداوی وەرزشی - CNBC

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەڤانی رایانگەیاند کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی شەڕێکی شاراوەی لەدژی یانەی بارسێلۆنا و لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی دەستپێکردووە. جیرارد پێکێش دەڵێت «حەزدەکەم پۆل پۆگبا بچێتە ریال مەدرید بۆ ئەوەی سوود بە بارسێلۆنا بگەیەنێت».

بەپێی ئەو راپۆرتە رۆژنامەڤانیانە، کریستیانۆ رۆناڵدۆی یاریزانی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، دەیەوێ بەهەر شێوەیەک و بە هەر رێگەیەک بێت لە هێزی یانەی بارسێلۆنای رکابەری ریال مەدرید کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەش پلانێکی بەدەستەوەیە کە بریتییە لە هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی بەرازیلی لەو یانەیە. بەقسەی ئەو سەرچاوانە، رۆناڵدۆ لە رێگەی نامەیەکی واتس ئاپ و لە رێگەی دانیلۆی بەرگریکاری بەرازیلییەوە بە نەیماری گوتووە «هەرگیز نابیتە یاریزانی ژمارەی یەکی جیهان، تاوەکو لە سایەی لیۆنێل مێسی بیت لە بارسێلۆنا». لەلایەکی دیکەوە جیرارد پیکێی بەرگریکاری یانەی بارسێلۆناش، جارێکی دیکە خۆی پێنەگیراو بە لێدوانێکی گاڵتەجاڕانە، جەماوەری یانەی شاهانەی تووڕە کردو رایگەیاند «حەزدەکەم پۆگبا بچێتە ریال مەدرید بۆ ئەوەی سوود بە بارسێلۆنا بگەیەنێت». بەبۆچوونی پیکێ «رۆیشتنی پۆگبا بۆ ریال مەدرید واتە سەرهەڵدانی کێشەو گرفت لەنێو ریزەکانی ئەو یانەیەدا، چونکە هەرگیز پۆگبا و رۆناڵدۆ پێکەوە هەڵناکەن».


WWW.RUDAW.NET

رووداو وەرزشی

ژمارە (410) سێشەممە 2016/8/2 11ی خەرمانان - 2716 (500) دینار

رۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات



کچێکی کورد هاوسەرگیری لەگەڵ جێگرەوەی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ دەکات..

# شەنگە و فۆرسبێرگ

مامی شەنگە: فۆرسبێرگ لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا سەمای کوردی دەکرد



لە لیڤەرپووڵ جگەرە بکێشە و مەی مەخۆرەوە



4

ئۆزیل بۆ سانجێرمان و میلان و بایرنیش یاریدەکات



5

راهێنەری نوێی 3 شێرەکە بە لێدانێک ستوونی گۆڵی شکاندووە



6

2

دڵی قژزەردە ریش سوورەکە هەر بە رەنگی بلاوگرانا دەمێنێتەوە



## هێرش دەکات

نەشئەت ئەکرەمی ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق، لە هەڤپەیڤینێکدا هێرشێکی توندی کردە سەر رەوشی وەرزشی عێراق و رایگەیاند «بارودۆخی وەرزشـیی لە عێراق مرۆڤ تووشـی بێئومێدی دەکات». هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە گەیشـتنی هەڵبژاردەی عێراق بۆ مۆندیال زۆر زەحمەتە لە سـایەی ئەو بارودۆخە خراپەی وەرزشداو گوتی «گەیشتن بە مۆندیال کارێکی زۆری دەوێت، ئەگەر زیکۆی بەرازیلی دەرنەکرابووایە، هەڵبژاردەی عێراق دەگەیشتە مۆندیالی 2014ی بەرازیل». هەروەها گوتیشی «رازی شنێشل گونجاوترین کەسە بۆ راهێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق».

### شەنگە بورهان حوسێن، کچی پێشمەرگەیەو یاریزانی تۆپی پێیە لە سوێد..

# کچێکی کورد دەبێتە هاوژینی شوێنگرەوەی ئیبراهیمۆڤیچ



**هەرێز جەمال**
**تایبەت بە رووداوی وەرزشی**

کچـە یاریزانێکـی کـوردی باشـووری کوردستان، لە وڵاتی سوێد ژیانی هاوسەری لەگەڵ یاریزانێکی سەرەکی هەڵبژاردەی سـوێد دروسـت دەکات، کە ئێسـتا ئەو یاریزانـە لەلایەن هاندەرانەوە بە جێگرەوەی زلاتـان ئیبراهیمۆڤیچی ئەسـتێرەی بەناوبانگـی سـوێدی دایدەنێن. مامی شەنگەش دەڵێت «ئاهەنگـی شـەنگە و مێردە سـوێدییەکەی زەماوەندێکـی کوردانـە بوو».

## مامی شەنگە: فۆرسبێرگ لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا چەند خولەکێک سەمای کوردی کرد

شەنگە بورهان حوسێن، کە کچی پێشمەرگەیەکی دێرینـە، یاریزانێکـی کـوردی خەڵکـی باشـووری کوردستانە، ئێستا نیشتەجێی وڵاتی سوێدەو لەوێ یاریزانێکی بەتوانای تۆپی پێیە .بڕیاریدا هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێک لە بەناوبانگترین یاریزانانی ئێسـتای هەڵبژاردەی نیشتیمانیی سوێد بکات، ئەویش ئیمیل فۆرسـبێرگە، کە ئێستا سوێدییەکان بە جێگرەوەی زلاتـان ئیبراهیمۆڤیچی دەزانن، لەدوای ئەوەی ئیبرا بڕیاریـدا بەیەکجاری واز لە یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بێنێت.

فەرەیدون عارف، مامی ئەو کچە یاریزانە، هەواڵی مێردکردنی شـەنگە بە فۆرسـبێرگی بـۆ (رووداوی وەرزشی) پشتڕاستکردەوەو رایگەیاند کە ئێستا ئەو دوو یاریزانە بە فەرمی هاوسـەرگیریان کردووەو لەو بارەوە گوتی «رۆژی 2016/7/15 شەنگە و ئیمیل فۆرسـبێرگی یاریزانی هەڵبژاردەی سـوێد ژیانی هاوسەرییان دروستکرد، کە ئەو یاریزانە ئێستا بە شوێنگرەوەی زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ هەژمار دەکرێت و ناوبانگێکی زۆری لە سوێد هەیە».

فەرەیدون عارف، هەروەها گوتیشی «شەنگە و ئیمیل لە تەمەنی 14 ساڵییەوە ئاشـناییان لەگـەڵ یەکدی هەبـووەو زۆر تێکەڵاوی جیهانـی تۆپـی پـێ بـوون، دواجاریـش بڕیاریاندا هاوسەرگیری بکەن»

ئیمیل فۆرسـبێرگی هاوژینی شـەنگە لە خولی یانەکانـی ئەڵمانیا بۆ یانەی لایپزیگ یاریدەکات، کە ئەمسـاڵ توانیویەتی بگاتە بۆندسـلیگا . پێشتریش لە یانـەی مالمـۆی سـوێدی یاریکـردووەو بەهۆی ئاسـتبەرزی ئەو لە یاریکردنـدا چەندینجار لەلایەن یانەکانی لیڤەرپوولی ئینگلیزی، لیۆنی فەرەنسـی، ڤالێنسیای ئیسپانی و رۆما و ئینتەرمیلانی ئیتاڵییەوە داوالێکراوە گرێبەستیان لەگەڵ بکات.

مامی شەنگە، ئەوەشـی بۆ (رووداوی وەرزشی) ئاشکراکرد کە شەنگەش یاریزانێکی بەتوانای تۆپی پێـی ئافرەتانەو بۆ هەڵبژاردەی ئافرەتانی سـوێد، بـۆ تەمەنی خوار 20 سـاڵی یاری کـردووەو گوتی «بەهۆی ئاسـتبەرزی لە یاریکردن شـەنگەی برازام چەندجارێک لەلایـەن هەڵبژاردەی سـوێدی تەمەن خـوار 20 سـاڵی بانگهێشـتکراوەو لـە مەشـق و یارییەکانیدا بەشداریکردووە» . بەڵام وەک فەرەیدون عارفی مامی شـەنگە ئاماژەی بۆ دەکات ئێستا ئەو کچـە یاریزانە کوردە بەهۆی پێکانەوە لە یاریگەکان دوورکەوتووەتەوەو ماوەیەک ناتوانێت بگەڕێتەوە.

مامـی ئەو کچـە یاریزانە کوردە، لەبـارەی ئەو هاوسـەرگیرییەوە زانیـاری زیاتـر بـە (رووداوی وەرزشی) دەدات و دەڵێت «لە ئاهەنگەکەی ئەو دوو هاوژینەدا، نزیکەی 140 کەس لە ماڵباتی هەردوولا ئامادەبوون و بۆ ماوەی چەند خولەکێکیش ئیمیلی هاوژینی شەنگە سەمای کوردی کرد» .

ماڵباتەکـەی شـەنگە لـە خانەوادەیەکـی پێشـمەرگەن، کە زۆر لـە ئەندامانی ئەو ماڵباتە لە رابردوودا وەک پێشـمەرگە بەشـداریان لە شۆڕشی ئەیلوولـدا کردووە، هاوکات بـاوک و مامی ئەو کچە یاریزانـەش یاریزانـی دێرینـی تۆپی پێ بـوون لە سلێمانی .



**ناو:** ئیمیل پیتەر فۆرسبێرگ
**ساڵی لەدایکبوون:** 23/10/1991
**شوێنی لەدایکبوون:** سۆندسڤال ـ سوێد
**یانە:** لایپزیگ ـ ئەڵمانیا
**شوێنی یاریکردن:** هێڵی ناوەڕاست



**ناو:** شەنگە بورهان حوسێن
**ساڵی لەدایکبوون:** 16/8/1992
**شوێنی لەدایکبوون:** سوێد
**یانە:** سۆندسڤال ـ سوێد
**شوێنی یاریکردن:** هێڵی هێرشبردن

شـەنگە بورهان، یەکێکە لـەو کچە دەگمەنانەی کورد کە حەزدەکات بە پێشکەشـکردنی ئاسـتێکی بەرز لەو یارییەدا ئەو راستییە بۆ کچانی کوردستان بسەلمێنێت کە یاری تۆپی پێ تەنیا تایبەت نییە بە پیـاوان، بەڵکو کچانیش دەتوانن لـەو بوارەدا رۆڵی خۆیان ببینن.

شەنگە، کە لە هێڵی هێرشبردن یاری دەکات، لە سـاڵی 2009ەوە یاریزانی یانەی SUNDSVALLS DFFی کچانی سـوێدی یەو خـۆی وەک یاریزانێکی باشـی ئەو یانەیە ناسـاندووەو چەندین گۆڵی بۆی تۆمارکردووە . ئەو کچی بورهان حوسـێنی یاریزانی پێشووی یانەی سلێمانییە .

### تاکە یاریزانی کوردە لە ریزی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق..

# رەوا سوورە لەسەر بەشداریکردن لە جامی ئاسیا



«گرەنتیم پێدراوە وەک یاریزانی سەرەکی یاریم پێبکرێت».

**کارزان کانەبی**
**رووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

رەوا یوسـف، کـە تاکـە یاریزانی کـوردە، لە ریزی هەڵبـژاردەی لاوانـی عێراق، بـە (رووداوی وەرزشـی) راگەیانـد کـە دەیەوێت لـە رێگەی هەڵبـژاردەی لاوانی عێراقـەوە لـە دەرگای خولـی عێراق بدات و گوتیشـی «بەڵێنـی ئـەوەم پێـدراوە لەگەڵ هەڵبـژاردەی لاوانی عێراق، وەک یاریزانی سەرەکی پشتم پێببەسترێت» .

یانەی برایەتی نەیتوانی بەسەرکەوتوویی چوارگۆشەی زێڕینی خولی یانە پلە یەکەکانی عێراق ببڕێت و بلیتی سەرکەوتن بۆ خولی نایابی عێراق بەدەستبێنێت، بەڵام بەهۆی ئەو یارییانەیەوە یاریزانێکی راستەوخۆ سەرکەوت بـۆ ریـزی هەڵبـژاردەی لاوانـی عێـراق، ئەویـش رەوا یوسـفی یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێرە لە خولی کوردستان.

رەوا، هەرچەندە زمانی عەرەبی نازانێت، بەڵام سوورە لەسـەر چوونی بۆ شـاری بەغداد و بەشـداریکردنی لە مەشـقی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق و بەشـداریکردن لە جامی ئاسـیا . ئەو بە (رووداوی وەرزشی) گوت «دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی برایەتی لە خولی پلە یەکی عێراق لە شاری بەغداد، توانیم ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم، لەلایـەن عەباس عەتیەی راهێنـەری هەڵبژاردەی لاوانی عێراقەوە بۆ ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشتکرام، ئـەو راهێنـەرە چاودێـری منـی کردبوو، ئاسـتی منی بـەدڵ بوو، بۆیە لە رێگەی حاجـی رەوەندی راهێنەری یانـەی برایەتـی داوام لێکراوە پەیوەنـدی بە ریزەکانی هەڵبژاردەی لاوانی عێراقەوە بکەم لە شـاری بەغداد» .

ئەو یاریزانە لاوە هەروەها گوتی «سەبارەت بە چوونیشم بۆ شـاری بەغـداد، من دەڕۆم، چونکـە بەڵێنی ئەوەم وەرگرتـووە کـە بە گرەنتی وەرگیـراوم، ئەگەر بەڵێنی ئـەوەم پێنەدرابووایە لەلایەن دەسـتەی راهێنەرانەوە، سەفەری شاری بەغدادم نەدەکرد» .

رەوا یوسـف، سوورە لەسـەر چوونی بۆ بەغداد و ئامادەیە رووبەڕووی هەموو کێشەکانی ببێتەوە لەپێناو گەیشـتن بە خەونی خۆی، کـە یاریکردنە لە جامی لاوانی ئاسیا و گەیشتن بە ریزی یانەیەکی گەورەی خولی نایابی عێراق «من ناتوانم بە زمانی عەرەبی قسـە بکەم، بەڵام تێدەگەم، لەگەڵ ئەوەشـدا هەر دەبێ بچمە بەغداد، من بە هیواوە دەچمە شاری بەغداد بۆ ئەوەی بتوانم ببمە یاریزانی سـەرەکی هەڵبژاردەکەو وەک یاریزانێکی کورد بەشـداری لە جامی ئاسیا بکەم. هەروەهـا دەمەوێ هەر لە رێگـەی هەڵبژاردەکەوە خۆم زیاتر بناسـێنم و بچمە ریزەکانـی یانەیەکی خولی نایابی عێراق» .

رەوا کـە ئێسـتا بـۆ بەشـداریکردن لـە مەشـقەکانی هەڵبـژاردەی لاوانـی عێـراق سـەفەری شاری بەغدادی کردووە، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە لەلایەن یانەی هەولێر و دوو یانەی شـاری دهۆکەوە گرێبەستی پێشکەشکراوە، بەڵام وەک خۆی گوتی «لە خولی کوردستان تەنیا بۆ یانەی پێشمەرگە یاری دەکەم» .

### راهێنەر یاریگەی قوتابخانەکەی کردووەتە شوێنی مەشقەکان..

# چەمچەماڵ لەجیاتی تۆپی پێ دەکاتە باڵە

**پێشەوا بەختیار**
**رووداوی وەرزشی ـ چەمچەماڵ**

دوای سزادانی یانەی چەمچەماڵ لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی عێراق، بەرپرسـانی ئەو یانەیە ویستیان تۆڵەی ئەم یارییە بە یارییەکی دیکە بکەنەوەو بڕیارياندا لەجیاتی تۆپی پـێ برەو بە یـاری تۆپی باڵە بدەن. راهێنەری تیپەکەش یاریگەی قوتابخانەیەکی کردووەتە جێگەی مەشقەکان.

مامۆسـتا نەژدەت، راهێنـەری تیپەکە، بـە (رووداوی وەرزشـی) گـوت «ئێمـە سـەرەڕای زۆری کێشـەکان بڕیارمانداوە تیپێکی بەهێز پێکبێنین، کە ئێسـتا بە 10 یاریزانی لاو مەشقەکانمان دەکەین» .

ئـەو راهێنەرە، کـە مامۆسـتایە لـە قوتابخانەیەک، بەناچـاری یاریگـەی قوتابخانەکـەی کردووەتە جێگەی مەشقەکانی تیپەکەی «کێشەمان زۆرە، هیچ یاریگەیەکمان بۆ مەشـق و یارییەکان نییە، یاریگـەی قوتابخانەکەمان کردووەتە شـوێنی مەشـقەکان، ئەو یاریگەیە چیمەنتۆیەو مەترسـی بۆ سـەر سـەلامەتی یاریزانەکانم هەیە، بەڵام ناچاریـن هیـچ بژاردەیەکـی دیکەمان نییـە» . هەروەها گوتیشـی «تەنانـەت تۆپمان نییە، یاریزانـان تۆپەکانی خۆیان دێنن» .

ئـەو راهێنـەرە ئامـاژەی بۆ ئـەوەش کـرد کە چەند یاریزانێکی بەتوانای هەیـەو گوتی «دوو یاریزانمان وەک وەفایەک بۆ یانەکەیان گەڕاونەتەوە ریزەکانی تیپەکەیان، یەکێکیان بۆ یانەی پێشمەرگە یاری دەکرد، یەکێکیش لە ریـزی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق و یانەی جەویەی بەغداد بـوو، ئەوان سـەلماندیان کـە وەفادارن بەرامبـەر یانە و شارەکەیان» .

ئەمـە لـە کاتێکدایە کـە ئامانج محەممەد کەساسـی سـەرۆکی یانەکـە، پێیوایە نەبوونی یاریگە کێشـەیەکی بچووکە و بە (رووداوی وەرزشی) گوت «هەر کاتێ ئەوان داوای یاریگەم لێبکەن بۆیان دەبین دەکەم» .






ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پلەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەرێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پلەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 رۆژ | 30 رۆژ | 30 رۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411
korektel.com

رووداو وەرزشی
ژمارە (410)
سێشەممە 2016/8/2

KOREK



## ناحەزترینە

بەپێـی راپرسـییەکی نـوێ، کە رۆژنامـەی میرۆری بەریتانی لـە رێگەی ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنی خـۆی ئەنجامیداوە بۆ دەستنیاشنکردنی ئەو یانە ئینگلیزییەی هاندەران زۆرترین رقیان لێدەبێتەوە، دەرکەوتووە کە چێڵسی ناحەزترین یانەی ئینگلیزییە لەلایەن جەماوەری پرێمەرلیگەوە. لەو راپرسـییەدا کە دەیان هەزار کەس دەنگیان بۆ داوە، لەدوای چێڵسـی، هەریەک لە یانەکانی مانچستەر یونایتد، لیڤەرپوول پلەی دووەم و سێیەمیان بەرکەوتووە، ئینجا لەدوای ئەوانیش مانچستەر ستی، ئارسناڵ و تۆتنهام ئەو 3 یانەن کە هاندەرانی پرێمەرلیگ زۆرترین رقیان لێدەبێتەوە.

### بۆچی جیاواز لە ساڵانی پێشوو هەفتەیەک زووتر گەڕایەوە بارسێلۆنا؟

# رەنگی دڵی رەنگی بلاوگرانایە



لیۆنێـل مێسـی: هاندەرانـی کەتالۆنی بایەخ بەوە نادەن کە رەنگی ریشم سوورە یان قـژم زەردە، چونکە دەزانن رەنگی دڵم هەمیشە بە رەنگی بلاوگرانا دەمێنێتەوە

## «گۆڕانی ریشەیی لە دیمەنی دەرەوە مێسی فێری پابەندبوون دەکات»

**رووداوی وەرزشی ـ TANGO**

رۆژنامەی ئەلبێریۆدیکۆی ئیسپانی راپۆرتێکی بڵاوکردووەتـەوە، تێیـدا بـاس لـەو گۆڕانکارییە دەکات کە بەسـەر دیمەنی مێسـیدا هاتووە، کە وەک ئامـاژەی پابەندبـوون سـەیری دەکرێـت، دوای ئـەو قەیرانەی بەسـەریدا هات، بەهۆی ئەو تۆمەتانەی بەمدواییە رووبەڕووی کرانەوە.

رۆژنامەکـە لـە راپۆرتەکەیدا دەڵێت «سـاڵ لەدوای ساڵ گۆڕانکاریی بەسەر دیمەنی دەرەوەی مێسـیدا هاتووە، هەموو جارێک لە جاری پێشوو بوێرتـر و بەشـێوەیەکی جیاوازتر لە سـەردەمی هـەرزەکاری بـووە، بەمـەش ئـەو ئەسـتێرەیە رەواجێکی زۆری پەیدا کردووە. ئەو گۆڕانکارییەش بە هەمان ریتم گەشەی کردووە، کە مێسی لەسەر یاریگە یان لە ژیانی رۆژانەی بەسەریدا هاتووە».

رۆژنامەکـە ئامـاژە بـەوەش دەکات، یەکێک لـە گرنگتریـن ئـەو گۆڕانکاریانـەی سـەرنجی بەدواداچووانـی راکێشـاوە، ئـەو تاتۆیەیـە کـە نزیکەی هەموو جەستەی داپۆشیووە، لەگەڵ ئەو ریشەی لە کۆپا ئەمریکا پێی دەرکەوت. لەلایەنی رەفتاریشـەوە هیچ شتێک لە مێسـی نەگۆڕاوە. سـەرنج دەدرا جاران کە هەڵبژاردەی ئەرجەنتین دەدۆڕا دەگریـا، بـەو مامەڵە خراپانەش پەسـت دەبـوو، کە لەسـەر یاریگە بەرامبـەری دەکران، کەچی ئێستا داوای لێدەکرێت لەو جۆرە حاڵەتانە نەگرییـێت و لەسـەر یاریکـردن بـەردەوام بێت، بە چاوپۆشـین لە هەبوون و نەبوونی سـروودی نیشـتمانیی. رۆژنامەکە باسـی ئـەوەش دەکات «جەماوەری مێسـی بەو دیمەنە تازەیەی تاسا، کاتێک رایگەیاند باشە، پشوو دەدات و ئێستاش کاتی گەڕانـەوە بۆ کارکردن هاتووە. ئەمجارە بە دەم بەخەندەیـی و قژێکـی زەردی وەک پلاتیـن دەرکەوت، لەگەڵ هێشتنەوەی ریشەکەی».

وا دیـارە مێسـی گۆڕانکاریـی زۆری بەسـەر دیمەنی دەرەوەیدا هێناوە، بەڵام هیچ شـتێک لە کەسایەتی ئەو ئەستێرەیە نەگۆڕاوە. لەو ماوەیەی کـە دیمەنی مێسـی هەرایەکی زۆر لەسـەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ناوەتەوە، مێسی بڕیارێکی باش دەدات و بڕیار دەدات لەگەڵ تیپەکەی بەشداری لە گەشتی راهێنانی بەریتانیا بکات، بەمەش وازی لە هەفتەیەکی تەواوی پشوودان هێنا. ئەو هەنگاوە لە ئاماژەیەکـی دیکەی پابەندبوونی لیۆیە، دوای تۆمەتەکانـی ئـەم دواییەی خۆدزینـەوە لە دانی باج. بـە قژی زەرد و ریشـەکەی، مێسـی لەگەڵ تیپەکەی سـەفەری بەریتانیـای کـرد، هەرچەندە چەند یاریزانێـک دابـڕاون وەک تییـۆ و مۆنتۆیا. رۆژنامەکە باسـی ئەوەش دەکات، لەو گەشتەدا مێسی لە دیتنی نیوەی تیپەکەی بێبەش دەبێت، وەک براڤۆ، تیر شتیگن، پیکێ، ڤێرمالین، ماسکیرانۆ، ئەلبا، بۆسکێس، ئینێستا و راکیتیچ کە لە پشـوودان. بێجگە لە دابڕانی دیکە لە ریزەکانی بارسـێلۆنا، بەهـۆی هێنانی یاریزانی تـازەی وەک ئۆمتیتی، دین و ئەندرێ گۆمێز.

یەکێک لەو شـتانەی هانی مێسـی دا بەشـداری لـەو گەشـتەدا بـکات، ئامادەبوونـی لوێـس سـوارێز بـوو لە ریـزی گەشـتەکاراندا، کـە باشـترین هاوڕێی مێسـییە، کە بـەردەوام بۆ نانی ئێـوارە لـە کاسـتیلدیفیلس پێشـوازی لێدەکات. بـەڵام پێدەچێت ئەو هۆکارەی وای لە مێسـی کردبێت واز لە هەفتەیەک پشوودان بێنێت، بێزاربوونی بێت لە ژیانی خۆشگوزەرانی لە دورگەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە و لـە یەختێکەوە بۆ یەکێکی دیکە. لەوەش خراپتر پێدەچێت مێسـی هێشـتا بەو تۆمەتانە پەسـت بێت، کـە بەمدواییە رووبـەڕووی کرانـەوەو بەهۆیانـەوە سـزای بەندکردنی بۆ ماوەی 21 مانگی بۆ دەرکرا.

ئەو رووداوە خراپترینە لە ژیانی مێسـی، کـە ئاینـدەی دەخاتـە مەترسـییەوە. وەک رۆژنامەکـە دەڵێـت «ئامادەبوونـی مێسـی لەگەڵ بارسێلۆنا، هەواڵێکی خۆشە بۆ لویس ئێنریکی، چونکە ئەو هیچ یاریزانێکی باشتری لەو یاریزانە ژمارە دەیەی نەهێناوە».

ئەمانـە هەموو لە کاتێکـدان کە پێدەچێت مێسـی ئەوەندە بایەخ بـەو گۆڕانکارییە نادات کە بەسـەر شێوە و دیمەنی دەرەوەیدا هێناوە، بەڵام لە هەمانکاتیشـدا بەو هۆیەوە پەیامێکی دڵخۆشـکەرانەی بـە هاندەرانـی کەتالۆنی داو گوتی «هاندەرانـی کەتالۆنی بایەخ بەوە نادەن کە رەنگی ریشـم سوورە یان رەنگی قژم زەردە، چونکـە دەزانن رەنگی دڵم هەمیشـە بە رەنگی بلاوگرانا دەمێنێتەوە».

### سەرتاشەکەی لیۆ چەند نهێنییەکی ئاشکرادەکات...

## مێسی بە قسەی سەرتاشەکەی ریشی نەتراشیووە

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسـپانی راپۆرتێکـی بڵاوکردووەتـەوە، کـە تێیـدا بـاس لـە دانپێنانەکانی ئارییـل بیرمۆدێز سەرتاشی تایبەتی لیۆنێل مێسی دەکات و هەندێ نهێنی ئاشکرا دەکات، کە شەیدایانی مێسی نایزانن.

رۆژنامەکـە لـە راپۆرتەکەیـدا باس لەوە دەکات، مێسـی زۆر پشـت بەو سەرتاشـە ئەرجەنتینییە دەبەسـتێت، کـە ماوەی 13 سـاڵە لە بارسێلۆنا دەژی و لە ساڵی 2012 بووەتـە سەرتاشـی مێسـی، بۆیـە چەندین نهێنی مێسـی لەلایە. رۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەکات «ئارییل بە درێژایی تەمەنی پیشەیی خـۆی، هیـچ شـتێکی ئەوتـۆی لـە کاروانی باشـترین یاریـزان جیهـان نەگۆڕیـوە، بەڵام لـە بەرامبەردا ئاشـنای هەنـدێ لایەنی ژیانی مێسـی بووە، کە بەدرێژایـی کات گۆڕانکاریی بەسـەردا هاتووە». مێسی بەدرێژایی کاروانی خۆی لەسـەر یاریگە گۆڵکارێکی بێوێنە بووە، کاریگەریشـی بەسـەر یاریکردنـی تیپەکەیـدا هەبووە، چ لە یانەی بارسێلۆنا یان هەڵبژاردەی ئەرجەنتین. دوور لە یاریگە، مێسی گۆڕانکاریی بەسـەر دیمەنی دەرەوەیدا هێناوە، وازی لە قژە درێژەکـەی هێنا، کە لە هەڕەتی لاویدا شـانازی پێـوە دەکـرد. لەو سـاڵانەی دواییـش دیمەنی دەرەوەی مێسـی لەگـەڵ لاوانـی نـەوەی خۆی زیاتر گونجـاوە، بووەتە ئەسـتێرەی دەزگاکانی راگەیاندنی جیهانی.

بیرمۆدیز، ئاشـکرای کردووە «ماوەی 4 ساڵە مێسی دەناسێت، لەو کاتەوەی بووەتە سەرتاشی تایبەتی مێسی و ئەو کەسەی گۆڕانکاریی ریشەیی بەسـەر دیمەنی دەرەوەیـدا هێنـاوە». هەروەها زیاتر دەڵێـت «لە رێگەی هاوڕێیەکمەوە مێسـیم ناسـیووە، مێسـی کە بـە کارەکەم سەرسـام بوو بڕیاریدا مامەڵەم لەگەڵدا بکات، پاشـان سـەردانی هۆڵی سەرتاشـینی تایبەتی کـردم و ئینجا بوومە سەرتاشی تایبەتی ئەو».

رۆژنامەکـە روونیکردووەتـەوە، لـەو کاتـەوە بیرمۆدیز بەرە بەرە متمانەی مێسی بەدەستهێناوە، ئـەوەش بەهۆی کارامەیی لە بواری سەرتاشـیندا. هەروەها هەر کاتێک لە ماڵەکەی لە کاستیلدیفیلس سـەردانی کـردووە، تۆپی پـێ بابەتـی گفتوگۆی نێوان مێسـی و سەرتاشەکەی بووە. ئەو سەرتاشە ئاشـکرایکردووە، مێسـی یانەی نیویلز ئۆلد بۆیزی ئەرجەنتینی خۆش دەوێ، خۆشەویسـتی خۆیشـی بـۆ بارسـێلۆنا ناشـارێتەوە. بە گوێـرەی وتەکانی ئـەو سەرتاشـەی مێسـی بێـت، لەبەر سروشـتی کەسـایەتییە شەرمن و بە پارێزەکەی، مێسی بەرە بـەرە ئامۆژگاریـی ئارییلـی قبوڵ کـردووە، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات زیاتر قبوڵی کردووە. دوای ماوەیەک لە مامەڵەکردن لەگەڵی «لیۆ خودی خۆی هەمـوو جارێک داوای شـتێکی بوێرتـری لە ئارییل کـردووە». لەبەر ئەوەی متمانەی پێیەتی، مێسـی زیاتـر لە جارێک داوای لێکـردووە قژی باوکی یان کـوڕە گەورەکەی بتراشـێت. ئارییل دان بەوەشـدا دەنێـت «ئەو ریشـەی مێسـی بـەم دواییە پێی دەرکەوت، لە پێشنیازی من بوو».

بۆ ئامـاژە پێکردن ئەو دیمەنە لـە پاڵەوانیەتی کۆپا ئەمریکا بۆ هەمووان شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو. زۆر کەس گرەویان لەسەر ئەوەبوو ئەو دیمەنە تەنیا بۆ یارییەکانی کۆپا ئەمریکایە، کەچی مێسی دواتریش لە کاتی پشووشـی لەسـەر ئەو دیمەنەی مایـەوە. ئارییل لەم بـارەوە دەڵێت «کۆمێنتەکان لەسەر دیمەنە تازەکەی لیۆ لەو ماوەیە زۆر بوو، بۆ ماوەیەکـی درێژ بەردەوام بوو، بەڵام راسـتییەکەی ئەو هەنگاوە بەمەبەسـتی خۆدەرخستن یان رێکلام نەبوو».

لـە کۆتاییـدا رۆژنامەکـە دەڵێـت «بـەر لـە سـەرەتای وەرزی لەگەڵ یانەی بارسـێلۆنا، مێسی لـەوە راهاتووە بچێتە ژێر دەسـتی ئارییل. دەبێت ئـەو دووانە لە جـاری داهاتوودا چ شـتێکی تازە پێشکەش بکەن؟».

### بە ناردنی نامەیەک بۆ نەیمار، مێسی تووڕە دەکات..

## رۆناڵدۆ دەیەوێ نێوانی مێسی و نەیمار تێکبدات



«کریستیانۆ شەڕێکی شاراوەی لەدژی بارسا و مێسی دەستپێکردووە»

**رووداوی وەرزشی ـ TANGO**

چەند راپۆرتێکی رۆژنامەڤانی ئیسـپانی باس لەوە دەکـەن، کە شـەڕێکی شـاراوە لەنێوان کریسـتیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی پورتوگالی یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی و لیۆنێل مێسی ئەستێرەی ئەرجەنتینی یانەی بارسێلۆنای کەتالۆنیدا هەیە و دەڵێن «هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە رۆناڵدۆ دەیەوێ نێوانی مێسی و نەیمار تێکبدات».

بەپێـی ئـەو راپۆرتـە رۆژنامەڤانیانە ئەسـتێرەی پورتوگالی کریستیانۆ رۆناڵدۆی یاریزانی ریال مەدرید، دەیەوێ بە هەر شـێوەیەک و بـە هەر رێگەیەک بێت لـە هێزی یانەی بارسـێلۆنای رکابەری ریـال مەدرید کـەم بکاتـەوەو بۆ ئـەوەش پلانێکی بەدەسـتەوەیە کـە بریتییە لـە هەوڵدان بۆ دوورخسـتنەوەی نەیمار دا سـیلڤای ئەسـتێرەی بەرازیلی لەو یانەیە و دەڵێن «رۆناڵدۆ بۆ ئەو مەبەستە لەسەر پەیڕەوی واتس ئاپ نامەیەکی بۆ نەیمار دا سـیلڤای هێرشبەری بارسێلۆنا نـاردووە، بۆ ئـەوەی هانی بدات لە بارسـا بڕوات».

هەروەهـا نووسـیویانە «رۆناڵـدۆ لـەو نامەیـەدا بە نەیماری راگەیاندووە، هەرگیز نابیتە یاریزانی ژمارەی یەکی جیهان، تاوەکو لە سـایەی لیۆنێل مێسـی بێت لە بارسێلۆنا».

کریسـتیانۆ رۆناڵدۆ، لە مانگـی کانوونی دووەمی 2016 لە کاتی ئاهەنگی دابەشکردنی باڵۆن دۆرەوە لە زیوریخ، پارێزگاری لە پەیوەندی لەگەڵ نەیمار کردووە، بەردەوامیش لە رێگەی واتس ئاپەوە پەیوەندیان هەیە، چەند هاوڕێیەکی هاوبەشیشـیان هەیە وەک مارسیلۆ و دانیلۆ.

ئـەو راپۆرتـە رۆژنامەڤانیانە هەروەهـا ئاماژە بۆ رێگەیەکی دیکە دەکەن کە رۆناڵدۆ بەهۆیەوە دەیەوێ نێوانی مێسی و نەیمار تێکبدات و ئەستێرە بەرازیلییەکە بەرەو دەرەوەی بارسـا بەڕێبکات و لەو بارەوە دەڵێن «رۆناڵدۆ لـە رێگەی دانیلۆی بەرگریـکاری بەرازیلی یانـەی ریال مەدریـدەوە، کە هاوڕێیەکـی زۆر نزیکی نەیمارە، هەمان ئەو پەیامەی بە نەیمار راگەیاندووە».

هەر بۆیەش وەک ئەو راپۆرتانە باسـیدەکەن «مێسی زۆر لەو نامەیەی رۆناڵدۆ تووڕە بووە، بەتایبەتیش کە پێیوایە هەر ئەو نامەیەی رۆناڵدۆ هۆکاری ئەوە بووە کـە نەیمار بەمدواییە لـە لێدوانێکیدا گوتی «رۆناڵدۆ شایستەی باڵۆن دۆرە، چونکە چامپیۆنسلیگ و یۆرۆی 2016 بەدەستهێناوە».



## پارەکانی یۆڤی دۆستەکەی هیگواینی بۆ دەگەڕێننەوە


**رووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

رۆژنامـەی THE SUNی بەریتانـی نووسـیویەتی «دوور نییە هیگواین لەگەڵ کچە دۆسـتەکەی ئاشت بێتەوە، بەهۆی ئەو پارە زۆرانەی یانەی یۆڤانتۆس بە هێرشبەرە ئەرجەنتینییەکەی داوە».

پـاش ئـەوەی هێرشـبەری ئەرجەنتینـی، گۆنزالـۆ هیگوایـن بووە سـێیەم گرانترین دەسـتەوارە لە مێژووی تۆپی پێدا، دوای گواستنەوەی لە یانەی ناپۆلی بۆ یوڤانتۆس بەرامبەر بە 90 ملیۆن یـۆرۆ، لـەدواوەی هـەردوو ئەسـتێرەکەی ریال مەدرید گاریس بەیڵ و کریسـتیانۆ رۆناڵدۆ، کە خاوەن گرانترین دەستەوارەن لـە مێـژوودا، ئەگەری ئـەوە هاتووەتە ئـاراوە هیگوایـن و کۆنە دۆستەکەی ئاشت ببنەوەو بگەڕێنەوە لای یەکدی.

رۆژنامـەی THE SUNی بەریتانی لە ئەگـەری گەڕانەوەی ئاو بۆ رێڕەوەکەی، لەنێوان هیگواین و لارا وکسـلەری کچە دۆسـتی دەپرسـێت، دوای ماوەیەک جیابوونەوە، نەخاسـمە دوای ئەوەی هیگوایـن بـە پێگەیەکی گەورە لە تۆپی پێ گەیشـت، بێجگە لە وەرگرتنی مووچەیەکی سـاڵانە، کـە دەگاتە لە 7.5 ملیۆن یۆرۆ. رۆژنامەکە نووسیویەتی «لەوانەیە ئەوە هەستی لارا بجووڵێنێت و دووبارە بگەڕێتەوە لای هیگواین».

هیگواین پشـووی هاوینەی لە دورگەی ئیپیزای ئیسپانی دوور لە لارا بەسـەربرد، کە لە مەکسیک نیشتەجێیە، بێ ئاماژەکردنی هیچیان بە هۆکاری جیابوونەوەیان.




**درۆیە**

جیمی ڤاردی هێرشبەری یانەی لیستەر ستی ئینگلیزی هەموو ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە باسیان لە نیگەرانی ئەو دەکرد، گوایە بەهۆی سەرنەگرتنی هەوڵەکانی یانەی ئارسناڵ بۆ کڕینی ڤاردی، ئەو یاریزانە لە ئیدارەی یانەکەی تووڕەیەو گوتی «درۆیە، من بەهیچ شێوەیەک تووڕەو نیگەران نیم کە نەچوومەتە یانەی ئارسناڵ، زۆر دڵخۆشم بەوەی لەگەڵ لیستەر ستی بەردەوام دەبم. لە ڕاستیدا بەرپرسانی یانەکەم و بەڕێوەبەری کارەکانم کارێکی زۆر باشیان کرد کە نەیانهێشت من لە لیستەر ستی برۆم».

# نەیمار قەرزاری 3 کەسە



ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی سپۆرتی کەتالۆنی باس لەوە دەکات کە 3 کەس بوونەتە هۆکاری پێگەیاندنی نەیمار دا سیلڤای یاریزانی بەرازیلی یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی و نووسیویەتی "نەیمار قەرزاری 3 کەسە".

## لویس ئێنریکی

ژمارەو ئامارەکانی نەیمار ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە دوای وەرگرتنی پۆستی ڕاهێنەرایەتی بارسا لەلایەن لویس ئێنریکی ڕاهێنەری ئیسپانییەوە، ئاستی یاریکردنی ئەو ئەستێرە بەرازیلییە زۆر بەرزبووەتەوە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیەش، ڕۆژنامەکە بەراوردێک لەنێوان ژمارەکانی نەیمار لە سەردەمی تاتا مارتینۆی ڕاهێنەری ئەرجەنتینی و ژمارەکانی سەردەمی لویس ئێنریکی دەکات.

نەیمار دا سیلڤا، لەگەڵ تاتا لە وەرزی 2013 ـ 2014دا تەنیا نازناوێکی بردەوە. 15 گۆڵی لە 41 یاریدا تۆمارکرد. لەوانەش 9 لە لیگا و 4 لە چامپیۆنسلیگ . گۆڵێکیش لە جامی شای ئیسپانیا و یەکێکیش لە جامی سوپەری ئیسپانیا. کەچی لە وەرزی 2014 ـ 2015دا لەگەڵ ئێنریکی، 39 گۆڵی لە 51 یاریدا تۆمارکرد. 22 گۆڵ لە لیگا، 10 گۆڵ لە چامپیۆنسلیگ و 7 گۆڵیش لە جامی شای ئیسپانیا تۆمارکرد.

## ریکاردۆ رووسا

نەیمار سوودێکی زۆری لە ڕاهێنەرە تایبەتەکەی، ریکاردۆ رووسا وەرگرتووە، چونکە وەک ڕۆژنامەی سپۆرت باسیدەکات، نەیمار ئەمساڵ بەهۆی مەشقە تایبەتەکانی رووساوە زیاتر لە ساڵی ڕابردوو ماسوولکەی دروستکردووە، کە بە 2.5 کیلۆگرام ماسوولکە مەزندە دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی نەیمار لە ڕووی هزری و دەروونیشەوە زۆر سوود لە رووسا وەردەگرێت.

## لیۆنێل مێسی

ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی لە ڕاپۆرتەکەیدا باس لەوە دەکات کە خودی نەیمار دان بەوەدا دەنێت کە زۆر سوود لە هاوڕێیەکەی، لیۆنێل مێسی ئەرجەنتینی وەردەگرێت و لێدوانێکی نەیمار بە نموونە دەهێنێتەوە، کە دەڵێت "ڕاستییەک هەیە ناتوانی بیشاریتەوە، بارسا پشت بە تواناکانی لیۆنێل مێسی دەبەستێت، چونکە ئەو باشترین یاریزانی جیهانە، منیش هەمیشە پشت بەو دەبەستم و لەوەوە فێر دەبم، هەرگیز شەرم لەوە ناکەم کە یاری بۆ مێسی بکەم".

لەدوای ڕیال مەدرید و ئارسناڵ..

# ئۆزێل بۆ سانجێرمان و میلان و بایرنیش یاریدەکات



ڕووداوی وەرزشی ـ DW

سەرۆکی یانەیەک لە خولی پلە چواری ئەڵمانیا، کاروانێکی نموونەیی بۆ مەسعود ئۆزێل لەنێو یاریگەکان کێشاوە، دەڵێت "دەبێت ئۆزێل لە ئارسناڵەوە بچێتە پاریس سانجێرمانی فەرەنسی ئینجا ئەی سی میلانی ئیتاڵی و بایرن میونشنی ئەڵمانی، بۆ ئەوەی سوودی بۆ یانەکەی پێشووی هەبێت.

پێشتر ئۆزێل یاری بۆ یانەیەکی نەناسراو دەکرد بە ناوی (ڕۆت ڤایس ئیسین)، ئەو یانەیەش بڕێک پارەی دەستدەکەوێ، لەهەر دەستەوارەیەکی گواستنەوەی ئۆزێل، کە پێشتر ئەوە لە گواستنەوەی بۆ ڕیال مەدرید و پاشان ئارسناڵ ڕوویداوە. ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی وتەکانی مایکل فیلینگی سەرۆکی ئەو یانە نەناسراوەی بڵاوکردووەتەوە، کە دەڵێت "لەسەر ئاستی پێشوەچوونی ئاستی مەسعود ئۆزێل دەڵێم دەبێت ساڵێک یان دووان لە پاریس نیشتەجێ بێت". هەروەها دەڵێت "ئەو پێویستیشی بە وەرگرتنی ئەزموونی کلتووری ژیانە لە فەرەنسا و یاریکردنە بۆ پاریس سانجێرمان، بۆ ئەوەی ئەزموون وەرگرێت بۆ بردنەوەی جامی مۆندیال، دەبێت بچێتە ئیتاڵیا و یاری بۆ میلانیش بکات، کە بژاردەیەکی گونجاوە، من دڵنیام بایرن میونشن شوێنێکی گونجاو دەبێت بۆ ئەو یاریزانە، دوای خولی ئیتاڵیا". فیلینگ لەسەر وتەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت "پێشتر مەسعود ڕایگەیاندووە حەزدەکات لە ئەستەنبوڵ یاری بکات، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش شوێنێکی گونجاوە بۆ ئەو یاریزانە، دوای ئەوەش خراپ نابێت ئەزموونی یاریکردنی لە چین تاقی بکاتەوە.. ئەگەر ئەوە بکات دەبێتە ئەندامێکی شەرەفی لە یانەکەمان".



...ـرەوە پیکێ حەزدەکات پۆل ببێتە یاریزانی یانەی شاهانە..

# ...ا ڕیال مەدرید تێکدەدات

...بەرپرسانی ڕیال مەدریدی گوتووە هێنانی پۆگبا زیانی لە قازانجی زیاترە"

ڕووداوی وەرزشی ـ CNBC

جیرارد پیکێ، بەرگریکاری یانەی بارسیلۆنای ئیسپانی، جارێکی دیکە خۆی پێنەگیراو بە لێدوانێکی گاڵتەجاڕانە، کە جۆرێک لە جددیەتیشی بە قسەکانییەوە دیارە، جەماوەری یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی تووڕە کرد و ڕایگەیاند "حەزدەکەم پۆگبا بچێتە ڕیال مەدرید بۆ ئەوەی سوود بە بارسیلۆنا بگەیەنێت".

پیکێ، لەبارەی گرێبەستکردنی ڕیال مەدرید لەگەڵ پۆل پۆگبای یاریزانی فەرەنسی بۆچوونێکی جیاواز لە زۆربەی خەڵکی هەیەو پێیوایە ڕۆیشتنی ئەو یاریزانە بۆ ریزەکانی ڕیال مەدرید سوودی بۆ بارسیلۆنا و زیانی بۆ ڕیال مەدرید هەیە، چونکە وەک خۆی دەڵێت "پۆل پۆگبا و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ پێکەوە هەڵناکەن".

پیکێ، لەو بارەوە زیاتر قسە دەکات و دەڵێت "زۆر حەزدەکەم پۆگبا بچێتە ڕیال مەدرید، چونکە دڵنیام کێشە لەنێوان خۆی و ڕۆناڵدۆدا سەرهەڵدەدەن، بەو پێیەی ڕۆناڵدۆ نایەوێ یاریزانێکی دیکە لەسەر پیاوی ژمارە یەکی ڕیال مەدرید لە پێکهاتەی تیپەکەدا ڕکابەری ئەو بێت". پیکێ هەروەها دەشڵێت "بێجگە لەوەش ئەو مووچە زۆرەی کە پێویستە ڕیال مەدرید بیداتە پۆگبا، کێشە لە ریزی یاریزانەکانیدا دروست دەکات و زۆریان داوای بەرزکردنەوەی مووچەکانیان دەکەن".

بە قسەی پیکێ، دروستبوونی کێشە لەنێو یاریزانانی هەر یانەیەکدا، بە قازانجی تیپی ڕکابەری دەشکێتەوە، واتە دەیەوێ بڵێت "کێشەکانی ڕیال مەدرید بە سوودی بارسیلۆنا دەشکێنەوە".

ئەگەرچی لەوانەیە مەبەستی ڕاستەقینەی پیکێ لەم لێدوانە، تووڕەکردنی مەدریدییەکان بێت، بەڵام جۆرێک لە جددیەتیشی پێوە دیارە، بەو پێیەی پێشتر سەرچاوەیەکی نزیک لە یانەی شاهانە ئاشکرایکردبوو، کە ڕۆناڵدۆ لە ڕێگەی خۆرخێ میندێزی بەڕێوەبەری کارەکانییەوە هۆشداری داوەتە بەرپرسانی ڕیال مەدرید لەبارەی گرێبەستکردن لەگەڵ پۆل پۆگبا و پێیگوتوون "هێنانی پۆگبا بۆ ڕیال مەدرید زیانی زۆرترە لە سوودی".



حەزدەکەم واز لە پیشەی ڕاهێنەرایەتی بێنم بەر لەوەی بە 100 ملیۆن یۆرۆ گرێبەست لەگەڵ یاریزانێک بکەم. ڕاهێنەری ڕاستەقینە ئەوەیە یاریزان دروست بکات

یۆرگن کلۆپ
(ڕاهێنەری یانەی لیڤەرپووڵ)



دەبێ نەیمار بۆخۆی لە مێسی و ڕۆناڵدۆ فێری ژیانی پیشەگەری بێت. ئەوان لەجیاتی ئەوەی بچنە ئاهەنگ و یانەی شەوانە، بەدرێژایی ساڵ خۆیان بۆ یانەکانیان ماندوو دەکەن

زیکۆ
(ئەستێرەی پێشووی هەڵبژاردەی بەرازیل)



من لەگەڵ ناپۆلی دڵخۆش بووم، بەڵام لە ڕاستیدا من لە ڕقی دی لۆرێنتسی سەرۆکی یانەکە ڕۆیشتم. ئەو منی خۆش نەدەویست و هەر قسەشی لەگەڵ من نەدەکرد

گۆنزالۆ هیگواین
(هێرشبەری یانەی یوڤانتۆس)



هەمیشە گوتوومە جۆ هارت ئەو گۆڵپارێزە نییە کە خەڵک حسابی بۆ دەکات. گۆڵپارێزێکی باشە، بەڵام هەڵەی زۆر گەورە دەکات

پیتەر شیلتۆن
(گۆڵپارێزی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا)



مێسی وەک یاریزان زۆرترین کاریگەری بەسەر کاروانی من وەک ناوبژیوان هەبووە. بەڕێزترین یاریزانە لەنێو یاریگەدا. کوڕێکی خاکییە. بۆیە لە هەمووان جیاوازترە

هێبەر لۆپێس
(ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بەرازیلی)



نێوانی من و هیگواین زۆر خۆش بوو. هەمیشە قسەمان دەکرد. بەڵام بەداخەوە کە درۆ و بوختانم پێدەکات. بەڕاستی ئەو کەسێکی درۆزن و نەخۆشە لە ڕووی دەروونییەوە

دی لۆرێنتس
(سەرۆکی یانەی ناپۆلی)



**پیاوە**

ئەنتۆنیۆ کۆنتیی ڕاهێنەری ئیتاڵی یانەی چێڵسی ئینگلیزی ئاشکرایکرد کە لە هەوڵدایە بۆ گەڕاندنەوەی کارلۆس تیڤێزی هێرشبەری ئەرجەنتینی یانەی بۆکا جۆنیۆرزی ئەرجەنتینی، بۆ خولی ئینگلیزی و یاریکردن بۆ یانەی لەندەنی. لەو بارەوە کۆنتی گوتی «من و تیڤێز پێکەوە لە یوڤانتۆس بووینە، زۆر ڕێزی لێدەگرم وەک پیاو و وەک یاریزان، بۆیە حەزدەکەم جارێکی دیکە پێکەوە کار بکەین، لە ڕاستیدا من لەو بارەوە قسەم لەگەڵی کردووەو هەوڵدەدەم ڕازی بکەم گرێبەست لەگەڵ چێڵسی بکات».

ئەو زانیاریانەی لەبارەی BIG SAMەوە نازانی..

## سام ئەلاردایس، ڕاهێنەری تازەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا..

# ئەو یاریزانەی بە لێدانێک ستوونی گۆڵی شکاند



«سام 10 ساڵە هەوڵ بۆ وەرگرتنی پۆستی ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دەدات»

**ئا: ڕووداوی وەرزشی**

یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرا، سام ئەلاردایسی بە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی سێ شێرەکە لە شوێنی ڕۆی هۆدسۆن دانا، کە دوای دەستبەتاڵ دەرچوون لە یۆرۆی 2016 دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە. چەند نهێنی و زانیاری لەبارەی سەربوردەی ژیانی (سامی گەورە) هەیە، دەبێت ئێوەش بیانزانن.

### *بەڕەچەڵەک سکۆتلەندییە

زۆر لەوانەی سەوداسەری تۆپی پێی ئینگلیزین نازانن، سام ئەلاردایس بەڕەچەڵەک سکۆتلەندییە. ساموال بە منداڵی و لە قۆناخی خوێندنی سەرەتایی کێشەی زۆری هەبوو، بەهۆی زەحمەتی خوێندنەوە.

### *10 ساڵە هەواڵ بۆ ئەم پۆستە دەدات

ساڵی 2006 ئەلاردایس خۆی بۆ پۆستی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا کاندید کرد، دوای ڕۆیشتنی ڕاهێنەری سوێدی زڤن گۆران ئەریکسۆن، بەڵام یەکێتی تۆپی پێی ئینگلتەرا لەو ماوەیەدا پێی باشبوو ستیف ماکلارین بکاتە ڕاهێنەر. سام ئەو شتەی بەدڵ نەبوو، بۆیە ئەوکات ڕاشکاوانە گوتی «باشتر بوو من بکەنە ڕاهێنەری یەکەم بەهۆی ئەزموون و مێژووی گەورەمەوە». دوای دانانی ڕاهێنەری ئیتاڵی فابیۆ کاپیلۆ بە ڕاهێنەری یەکەمی ئینگلتەرا، سامی گەورە هەڵوێستێکی توندتری وەرگرت، ئەوکات ڕایگەیاند «ڕاهێنەری هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دەبێت کەسێکی ئینگلیزی بێت».

### *نەفرەتی پاوەرپۆینت

ساڵی 2006 ئەلاردایس چەندین دەستپێشخەری کرد، بۆ ئەوەی لەلایەن هەموو کەسە کاریگەرەکان لە تۆپی پێی ئینگلیزی ئەو کاندید بکرێت. یەکێک لەوانە دانیشتنی بوو لەسەر خوانی ئێوارە لەگەڵ دێڤید بێکهام، بۆ ئەوەی شێوازی کار و پرۆژەکەی بۆ هەڵساندنەوەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرای بۆ شی بکاتەوە. لە بەدبەختی نەیتوانی پاکێجەکەی خۆی لە ڕێگەی (پاوەرپۆینت)ەوە پێشکەش بکات، لەبەر نەبوونی ئامێری نمایشی سینەمایی، بۆیە ناچاربوو پاکێجەکەی خۆی لەسەر کاخەزی سپی چاپ بکات، ئەوەش بە دڵی ئەستێرەکەی پێشووی شەیتانە سوورەکان نەبوو.

### *بە ڕێکەوت بووەتە ڕاهێنەر

بە درێژایی کاروانی یاریزانی لەگەڵ بۆڵتۆن، سەندەرلاندن کۆڤنتری، هۆدێرسفیلد، بریستۆن و وێست برۆمیچ سام ئەلاردایس وانەی تایبەتی لە بواری ڕاهێنەرایەتی وەردەگرت. لە ساڵی 1991 ئەو کاتەی خۆی بۆ بۆنەی لەدایکبوونی 40 ساڵەی ئامادە دەکرد، لەلایەن ڕاهیبێکی ئێرلەندی، کە سەرۆکی تیپی لیمیریک بوو پەیوەندی پێوەکرا، پێشنیازی بۆ کرد بچێتە تیپەکەی وەک یاریزان و ڕاهێنەر. ڕاهیبەکە سامی نەدەناسی، بەڵام ناوی لە سەرووی لیستی ڕاهێنەرە بەردەستەکان بوو، ئەویش بەهۆی ڕیزکردنی پیتی ئەبجەدی بوو.

### *نازناوی پلە سێ و چواری بەدەستهێناوە

ئەلاردایس هیچ دەستکەوتێکی گەورەی بەدەست نەهێناوە، شایانی باسکردن بێت. بە درێژایی کاروانی وەک یاریزان و ڕاهێنەر، کە چارەکە سەدەیەک زیاترە، تەنیا دوو نازناوی بەدەستهێناوە، لەگەڵ بریستۆن نۆرس وەک یاریزان ساڵی 1987 لە پلەی چوارەم، لەگەڵ نۆتس کۆنتریش وەک ڕاهێنەر ساڵی 1997 لە پلەی سێیەم. بە هەموو پێوەرێک ئەزموونی لەگەڵ بۆڵتۆن واندرازەر بە سەرکەوتووترین دادەنرێت، توانی بۆ ماوەی 4 ساڵی لە دوای یەک لە هەشت پلەی یەکەم بێت، لەگەڵیشی گەیشتە یاری کۆتایی جام.

### *ستوونی گۆڵی شکاند

نازناوی BIG SAM یان «سامی گەورە» لەخۆیەوە نەهاتووە، مێژووەکەی بۆ 48 ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، کە ئەوکات تەمەنی 14 ساڵ بوو، یاری بۆ تیپی تەمەن خوار 15 ساڵی تیپی دۆدلی تاون دەکرد. وەک ڕۆژنامەی میرۆری بەریتانی باسیدەکات «ئەوکات تەمەنی سام ساڵێک لە هەموو هاوڕێیانی کەمتر بووە، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەن جەستەیەکی گەورە، باڵایەکی درێژ و هێزێکی زۆر بووە، یاری کردووەو هاوڕێیانیشی نازناوی BIG SAM واتە (سامی گەورە)یان پێداوە». هاوڕێکانی ئەوکاتی سام ئەوەیان بۆ ڕۆژنامەی میرۆر ئاشکراکردووە کە سام لە باڵی چەپ و هەندێجاریش لە ناوەڕاستی یاریگە یاری کردووەو یاریزانێکی زۆر باش بووە «لە یارییەکدا بەرامبەر کریستاڵ پالاس، سام لێدانێکی هێندە بەهێزی لە ستوونی گۆڵ دا، ستوونەکە شکاو گۆڵەکە کەوتە سەر زەوی».

### *لێدوانی سەیر

ئەو چەندین لێدوانی سەیریش هەیە، کە ئەمانە دوو نموونەن:
«من بۆ ڕاهێنەرایەتی بۆڵتۆن و بلاکبێرن دەستنادەم، من زیاتر بۆ یانەکانی وەک ئینتەرمیلان یان ڕیال مەدرید دەستدەدەم. ڕاهێنەرایەتی ئەو یانانە بۆ من هیچ کێشەیەک نابێت، چونکە هەموو جارێ یان دوو نازناو یان نازناوی خول بەدەستدێنم».
«پێموانییە هیچ ڕاهێنەرێک لە من زیرەکتر بێت. ئەوە هەوڵ نییە بۆ ڕەخنەگرتن لە هیچ ڕاهێنەرێکی دیکە، بەڵام تەنیا ڕاهێنەری ئارسناڵ ئارسین ڤینگەر هەیە، ماوەیەکی درێژتر لە من لە خولی نایابی ئینگلیزی مابێتەوە».

لەدوای گرێبەستەکەی گۆنزالۆ هیگواین..

# میرکاتۆی هاوینە ملیارێک یۆرۆی تێپەڕاند

**ئا: ڕەمزی میرەکانی**

دوای تێپەڕبوونی 3 هەفتە بەسەر وەرزی گواستنەوەکانی هاوینەدا، هەر 5 گەورە خولی تۆپی پێی ئەوروپا چەندین گرێبەستی گرانبەها و گرنگیان بەخۆیانەوە بینی. بەڵام خولی پریمەرلیگ زۆرترین پارەی بۆ ئەو مەبەستە خەرجکردووە. خولی ئیتاڵیش تاوەکو ئێستا گرانترین گرێبەستی ئەمساڵی تۆمارکردووە.

### خولی ئینگلیزی

لە یەکەم 3 هەفتەی میرکاتۆی ئەم هاوینەدا، بڕی خەرجییەکانی یانەکانی پریمەرلیگ لە کڕینی یاریزاناندا لە 600 ملیۆن یۆرۆ تێپەڕیکردووە. کە ئەم بڕە پارەیە زیاترە لە خەرجی یانەکانی هەردوو خولی ئیسپانی و فەرەنسی پێکەوە.
یانەکانی مانچستەر یونایتد و لیڤەرپوول زۆرترین خەرجییان کردووە، کە هەریەکێکیان بای 80 ملیۆن یۆرۆ گرێبەستی کردووە، بەڵام گرانترین گرێبەستی ئەو خولە بەر یانەی ئارسناڵ کەوتووە، کە بۆ کڕینی گرانیت شاکای یاریزانی سویسری 45 ملیۆن یۆرۆی بە یانەی بورۆسیا مونشنگلادباخی ئەڵمانی داوە.

### خولی ئەڵمانی

خولی بۆندسلیگای ئەڵمانی لەدوای پریمەرلیگ بە پلەی دووەم دێت لە ڕووی خەرجکردنی زۆرترین پارە لە کڕینی یاریزانان، کە تاوەکو ئێستا بڕی زیاتر لە 434 ملیۆن یۆرۆی خەرجکردووە.
یانەی بورۆسیا دۆرتمۆند زۆرترین بازاڕی کردووە، کە 113 ملیۆن یۆرۆی لە کڕینی یاریزانان خەرجکردووە، بەڵام بای 120 ملیۆن یۆرۆش یاریزانی فرۆشتووە، کە بریتین لە هەریەک لە ئیلکای گوندۆگان، هنریک مخیتاریان و ماتس هۆمێلز. هەرچی بایرن میونشنی پاڵەوانی خولەکەیە، هەردوو یاریزانی ئەڵمانی ماتس هۆمێلز و پورتوگالی ریناتۆ سانچێزی بەرامبەر 73 ملیۆن یۆرۆ کڕیوە. کە پێشبینی دەکرا ڕێژەی خەرجییەکانی ئەو یانەیە لەم میرکاتۆیەدا زۆرتر بێت، بەڵام وادیارە کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەری تازەی یانەکە بە بەرپرسانی یانەکەی گوتووە چیدی پێویستیم بە گرێبەستی نوێ نییە.

### خولی ئیتاڵی

لەم میرکاتۆیەدا کالچیۆی ئیتاڵی هاتە پلەی سێیەم، بەهۆی گرێبەستکردنی یانەی یوڤانتۆس لەگەڵ گۆنزالۆ هیگواینی هێرشبەری ئەرجەنتینی، کە لە بەرامبەریدا 90 ملیۆن یۆرۆی دایە یانەی ناپۆلی ڕکابەری. بڕی خەرجییەکانی ئەو خولە تاوەکو ئێستا گەیشتووەتە زیاتر لە 416 ملیۆن یۆرۆ. کە بێگومان یوڤی خاوەنی زۆرترین خەرجییە، کە میرالیم بیانیچی یاریزانی سربیشی بە 32 ملیۆن یۆرۆ لە یانەی ڕۆمای پایتەخت کڕیوە.

### خولی ئیسپانی

هەرچی لیگای ئیسپانییە، بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، تاوەکو ئێستا کڕ و بێدەنگ ماوەتەوەو کەمترین گرێبەستی کردووە، کە تاوەکو ئێستا یانەکانی ئەو خولە تەنیا 287 ملیۆن یۆرۆیان خەرجکردووە. کە گرانترینیان گرێبەستی بارسا بووە لەگەڵ ئەندرێ گومێزی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی پورتوگالی بەرامبەر بە 35 ملیۆن یۆرۆ. هەروەها ڕیال مەدریدیش بەرامبەر بە 30 ملیۆن یۆرۆ هێرشبەرەکەی، ئەندرێ مۆراتای لە یوڤانتۆسی ئیتاڵی وەرگرتەوە.

### خولی فەرەنسی

پلەی پێنجەم وەک زۆربەی جاران بۆ خولی فەرەنسی ماوەتەوە، کە یانەکانی تاوەکو ئێستا بڕی زیاتر لە 144 ملیۆن یۆرۆیان لە کڕینی یاریزانان خەرجکردووە. وەک هەمووجارێش پاریس سانجێرمانی یانە دەوڵەمەندەکەی پایتەخت خاوەنی زۆرترین خەرجییە، کە تاوەکو ئێستا هەریەک لە حاتەم بن عەرەفەی فەرەنسی و گریگۆر کریتشۆفیاکی پۆڵەندی کڕیوە.



لەنێو ژوورەکانیدا ئاو لە بۆڕییە کونەکان دزە دەکات و ئاودەستەکانی گیراون..


# گوندی ئۆلۆمپی وێرانەیە

**ڕووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

هەفتەی ڕابردوو گوندی ئۆلۆمپی لە ڕیۆ دەرگاکانی کردەوە، بۆ ئەوەی شاندە بەشداربووەکان لە یارییەکانی ئۆلۆمپیادی ڕیۆ دی جانیرۆ 2016 لە ئامێز بگرێت، بەڵام شەپۆلێک ناڕەزایی لەلایەن هەندێ نێردە، کە لەوێ ئامادەبوون لە شوێنەکە گیرا.
ئەندامانی لیژنەی ئۆلۆمپی ئوستورالیا پەستی و مەترسی خۆیان دەربڕی، ڕاستەوخۆ دوای گەیشتینان بە گوندی ئۆلۆمپی لە ڕیۆ، ئەوەش ڕۆژنامەی سیدنی مۆرنینگ هیرالدی ئوسترالی دووپاتی کردووەتەوە، لەسەر زاری ئەندامانی لیژنەکە، کە ڕەخنەی توندیان لە دەسەڵاتدارانی بەرازیل گرتووە. گوتەبێژی فەرمی نێردەی ئوسترالیا بە ڕۆژنامەکەی ڕاگەیاندووە «لەنێو ژوورەکان ئاو لە بۆڕییە کونەکان دزە دەکات، ئاودەستەکان گیراون، ئاو لە هەموو شوێنێک هەڵساوە، ئەو پەیژانەی بەرەو ژوورەکان دەچن تاریکن».
ڕۆژنامە ئوسترالییەکە ئەوەش دووپات دەکاتەوە «گوندی ئۆلۆمپی بەکەڵکی نیشتەجێبوون نایەت»، ئەوەش چەندین نیشانەی پرسیار دەخاتەڕوو و مایەی سەرسوڕمانە، نەخاسمە کە گوندەکە لە ڕۆژانی داهاتوودا چاوەڕێی گەیشتنی وەرزشوانانی بەشداربوو لە ئۆلۆمپیاد دەکات. گوندی ئۆلۆمپی خۆی بۆ پێشوازیکردن لە زیاتر لە 10 هەزار وەرزشوان دەکات لە میانی 207 نێردەدا، کە وەرزشوانانی بەرازیلیش لە نێوانیان دان، ئەوانەی خۆیان بۆ وەرگرتنی شوێنەکانیان لە ڕۆژی یەکەمەوە ئامادە دەکەن.
بەشێوەیەکی گشتی گوندەکە نزیکەی 18 هەزار کەس لە ئامێز دەگرێت، بێجگە لە فەرمانبەران و ئەو خۆبەخشانەی ژمارەیان خۆی لە 13 هەزار کەس دەدات.





## شێرە یان پشیلە

لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی یاریزانانی یانەی پاریس سانجێرمانی فەرەنسی، لە کاتی مەشقەکاندا دەردەکەوێت کە دێڤید لۆیزی بەرگریکاری بەرازیلی گاڵتە بە حاتم بن عەرەفەی یاریزانی فەرەنسی دەکات، کە بەمدواییە پەیوەندی بە ریزەکانی یانەی پاریسییەوە کردووە. لۆیز لە گرتە ڤیدیۆییەکەدا دەڵێت «لە مەشقەکاندا بن عەرەفە هەمیشە دوایین کەسە، بەڵام کە دەبێتە کاتی خواردن لەپێش هەموانە. ئەو هاوڕێیەمان لە کاتی خواردندا وەک شێرە، بەڵام کە کاتی مەشقەکان هات دەبێتە پشیلە».

# ئەستێرە پەنابەرەکان

## «سربییەکان باپیری مۆدریچیان کوشتووە»



**ئا: رووداوی وەرزشی**

لە جیهانی تۆپی پێدا چەندین ئەستێرە هەن، کە رۆژێک لە رۆژان پەنابەربوونە و لەبەر هەر هۆکارێک بێت، لە وڵاتی خۆیان کۆچیان کردووە، پاشان لەو وڵاتە تازەیەی لێی نیشتەجێ بوونە، بوونەتە ئەستێرەی تۆپی پێ، ئەوانە هەندێک لەو ئەستێرانەن:

زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ: تەمەن (35 ساڵ)، لە باوکێکی بۆسنی و دایکێکی کرواتی لە دایکبووە، کۆچیان کردووە بۆ سوێد، ئیبرا ئێستا یاریزانی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزییە و وازی لە یاریکردنی نێودەوڵەتی هێناوە.

لوکا مۆدریچ: تەمەن (29 ساڵ)، بە رەچەڵەک کرواتییە، ئێستا یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی ریال مەدریدە. ساڵی 1992 واتە ئەوکاتەی تەمەنی 8 ساڵان بووە لەگەڵ خێزانەکەی هەڵاتووە، دوای ئەوەی هێزەکانی سڕبیا دەستیان بەسەر بەشێکی زۆری کرواتیا داگرتووە، باپیری کوژراوە، بە گوێرەی ئەوەی لە رۆژنامەی بیڵدی ئەڵمانی نووسراوە.

شیردان شاکیری (خەیرەدین): ئەو یاریزانی هێڵی ناوەڕاستە ساڵی 1991 لە کۆسۆڤۆ لەدایکبووە. خێزانەکەی هەڵاتوون بۆ سویسرا، شاکیری لە یانەی بازل بووەتە پیشەگەر، پاشان چووە یانەکانی بایرن میونشنی ئەڵمانی و ئینتەرمیلانی ئیتاڵی، وەرزی رابردوو پەیوەندی بە یانەی ستۆک ستی ئینگلیزییەوە کرد، بۆ هەڵبژاردەی سویسراش یاری دەکات.

نیڤین سۆبۆتیچ: یاریزانێکی سڕبی بۆسنیە و ساڵی 1988 لە بانا لوکا (یوگسلاڤیا)ی پێشوو (بۆسنە و هێرسک)ی ئێستا لەدایکبووە. لەوەتەی ساڵی 2008 وەک دڵی بەرگری یاری بۆ یانەی بورۆسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی دەکات.

ئیدین دزیکۆ: تەمەن (30 ساڵ)، زوو دەستی بە یاریکردن کردووە، لە تەمەنی 10 ساڵی پەیوەندی بە تازەپێگەیشتووانی جیلیینز سارایێڤۆ کردووە، پاشان بۆ ریزی یەکەمی یانەکە هەڵکشاوە، لە تەمەنی 18 ساڵی چووەتە ریزەکانی یانەی (ئێف کای تبیلیتسە) لە چیچان، هاوینی رابردوو بەشێوەی خواستن پەیوەندی بە ریزەکانی یانەی رۆمای ئیتاڵی کرد، یاریزانی یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزیەو کاپتنی هەڵبژاردەی بۆسنەیە.

ڤیکتۆر مۆسیس: تەمەن (24 ساڵ)، لەگەڵ دایکی و باوکی لە نایجیریا ژیاوە و باوکی قەشەیەکی کاسۆلیکی بوو. لە تەمەنی 11 ساڵیدا باوکی کوژراوە، بە یارمەتی مامی رووی کردووەتە شاری لەندەن. سەرەتای کاروانی وەرزشیی لەگەڵ تیپی تازەپێگەیشتووانی یانەی کریستال پالاسی ئینگلیزی بوو، ساڵی 2012 چووە یانەی چێڵسی لەندەنی. دوای دانی بە خواستن بە یانەکانی لیڤەرپوول و ستۆک ستی گەڕایەوە چێڵسی. مۆسیس وەک یاریزانی باڵی چەپ یاری دەکات.

ئەسمیر بیگۆڤیچ: لەدایکبووی ساڵی 1987ە، لە تریبینی لە بۆسنە و هێرسک. سەرەتای کاروانی وەرزشیی لەگەڵ یانەی پۆرتسمۆسی ئینگلیزی بوو. پاشان چووە ماکلیسفیلد تاون، ئینجا ستۆک ستی و پاشان چێڵسی.

کریستیان بینتیکێ: ئەو یاریزانە نێودەوڵەتییەی بەلجیکا، تەمەن (26 ساڵ)، بە بڕی 46.5 ملیۆن یۆرۆ لە ئەستۆن ڤێلاوە چووە ریزەکانی لیڤەرپوول. بینیتکێ لەدایکبووی ساڵی 1990، ئەوکاتەی تەمەنی 2 ساڵ بوو، لەگەڵ خێزانەکەی لە کۆماری کۆنگۆ (زائیری پێشوو) هەڵاتووە و لە شاری لییجی بەلجیکی گیرساونەتەوە.

گرانیت چاکا: ئەو یاریزانە ساڵی 1992 لەدایکبووەو بەرەچەڵەک ئەڵبانییە. سەرەتای کاروانی پیشەگەری لەگەڵ یانەی بازلی سویسری بوو لە ساڵی 2010، بەشداری لە 44 یاریکرد، پاشان چووە ریزەکانی بورۆسیا مونشنگلادباخی ئەڵمانی.

## گرنگترین یارییەکانی هەفتە

**پاڵاوتنەکانی چامپیۆنسلیگ**
مۆناکۆ - فەنەربەخچە
چوارشەممە 3/8/2016
09:45

**یاری دۆستانە**
بایرن میونشن - ریال مەدرید
پێنجشەممە 4/8/2016
AM 02:30

**یاری دۆستانە**
میلان - چێڵسی
پێنجشەممە 4/8/2016
AM 04:00

**ئۆلۆمپیاد**
عێراق - دانیمارک
پێنجشەممە 4/8/2016

**ئۆلۆمپیاد**
بەرازیل - باشووری ئەفریقیا
پێنجشەممە 4/8/2016

**ئۆلۆمپیاد**
پورتوگال - ئەرجەنتین
هەینی 5/8/2016

**یاری دۆستانە**
لیڤەرپوول - بارسێلۆنا
شەممە 6/8/2016

**سوپەری فەرەنسا**
پاریس سانجێرمان - لیۆن
شەممە 6/8/2016

### ئۆلۆمپیادی 2016 (ئافرەتان)

(قۆناخی یەکەم)

| | |
|---|---|
| **چوارشەممە 2016/8/3** | |
| سوێد - باشووری ئەفریقیا | 07:00 |
| کەنەدا - ئۆستراليا | 09:00 |
| بەرازیل - چین | 10:00 |
| **پێنجشەممە 2016/8/4** | |
| زیمبابۆی - ئەڵمانیا | 12:00 |
| ئەمریکا - نیوزیلەندا | AM 01:00 |
| فەرەنسا - کۆلۆمبیا | AM 04:00 |
| **شەممە 2016/8/6** | |
| کەنەدا - زیمبابۆی | 09:00 |
| ئەمریکا - فەرەنسا | 11:00 |
| **یەکشەممە 2016/8/7** | |
| ئەڵمانیا - ئۆستراليا | 12:00 |
| باشووری ئەفریقیا - چین | AM 01:00 |
| کۆلۆمبیا - نیوزیلەندا | AM 02:00 |
| بەرازیل - سوێد | AM 04:00 |
| **سێشەممە 2016/8/9** | |
| ئەڵمانیا - کەنەدا | 10:00 |
| ئۆستراليا - زیمبابۆی | 10:00 |

### ئۆلۆمپیادی 2016 (پیاوان)

(قۆناخی یەکەم)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2016/8/4** | |
| عێراق - دانیمارک | 07:00 |
| هوندۆراس - جەزائیر | 09:00 |
| بەرازیل - باشووری ئەفریقیا | 10:00 |
| **هەینی 2016/8/5** | |
| پورتوگال - ئەرجەنتین | 12:00 |
| سوێد - کۆلۆمبیا | AM 01:00 |
| مەکسیک - ئەڵمانیا | AM 02:00 |
| کۆریای باشوور - فیجی | AM 02:00 |
| نایجیریا - ژاپۆن | AM 04:00 |
| **یەکشەممە 2016/8/7** | |
| مەکسیک - فیجی | 07:00 |
| هوندۆراس - پورتوگال | 09:00 |
| کۆریای باشوور - ئەڵمانیا | 10:00 |
| **دووشەممە 2016/8/8** | |
| ئەرجەنتین - جەزائیر | 12:00 |
| دانیمارک - باشووری ئەفریقیا | AM 01:00 |
| سوێد - نایجیریا | AM 01:00 |
| بەرازیل - عێراق | AM 04:00 |
| ژاپۆن - کۆلۆمبیا | AM 04:00 |

### خولی هۆڵەندا (هەفتەی 1)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/8/5** | |
| نیمیگن - زفۆلە | 09:00 |
| **شەممە 2016/8/6** | |
| ئەدۆ دین هاگ - جۆ ئەهید ئیگلز | 07:30 |
| تفێنتی ئەنشخیدە - ئیکسیلسیۆر | 08:45 |
| ئۆترێخت - ئایندهۆڤن | 08:45 |
| تیلبۆرگ - فیتیسە ئارنهیم | 09:45 |
| **یەکشەممە 2016/8/7** | |
| گرۆنینگین - فاینۆرد رۆتردام | 01:30 |
| ئەلکەمار - هێرینڤین | 03:30 |
| سپارتا رۆتردام - ئەجاکس ئەمستردام | 03:30 |
| رۆدا کیرکرادا - هیراکلیس | 05:45 |



### چامپیۆنسلیگ (پاڵاوتن)


| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/8/2** | |
| کارباکا (ئازەربایجان) - ڤیکتۆریا بلزن (چیک) | 07:30 |
| ئەپۆیل نیقۆسیا (قوبرس) - رۆزنبۆرگ (نەرویج) | 08:00 |
| دینامۆ تیبلیسی (جۆرجیا) - دینامۆ زەگرب (کرواتیا) | 08:00 |
| ریدستار بەلگراد (سربیا) - لۆدۆجۆریتس (بولگاریا) | 09:30 |
| دۆندالک (ئێرلەندا) - باتی بۆریسۆڤ (بیلاڕووسیا) | 10:00 |
| **چوارشەممە 2016/8/3** | |
| کۆبنهاگن (دانیمارک) - ئیسترا جیۆرجیۆ (رۆمانیا) | 08:45 |
| ستیوا بۆخارست (رۆمانیا) - سپارتا براگ (چیک) | 08:45 |
| بیئر ئەلسەبع (ئیسرائیل) - ئۆلۆمپیاکۆس (یۆنان) | 09:00 |
| یۆنگ بۆیز (سویسرا) - شاختار (ئۆکرانیا) | 09:15 |
| باوک سالۆنیکا (یۆنان) - ئەجاکس ئەمستردام (هۆڵەندا) | 09:30 |
| رید بۆل سالسبۆرگ (نەمسا) - پارتیزان تیرانا (ئەڵبانیا) | 09:30 |
| ئەندرلەخت (بەلجیکا) - رۆستۆڤ (رووسیا) | 09:45 |
| مۆناکۆ (فەرەنسا) - فەنەربەخچە (تورکیا) | 09:45 |
| لیگا وارسۆ (پۆڵەندا) - ترنسین (سبۆڤاکیا) | 09:45 |
| سێلتیک (سکۆتلاندا) - ئەستانا (کازاخستان) | 09:45 |

### یاری دۆستانە

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/8/2** | |
| برۆملی - کریستال پالاس | 07:00 |
| **چوارشەممە 2016/8/3** | |
| بارسێلۆنا - لیستەر ستی | 07:00 |
| بۆرنیمۆس - ڤالنسیا | 07:45 |
| **پێنجشەممە 2016/8/4** | |
| بایرن میونشن - ریال مەدرید | AM 02:30 |
| میلان - چێڵسی | AM 04:00 |
| فیۆرەنتینا - بایرلیڤەرکۆزن | 07:00 |
| **شەممە 2016/8/6** | |
| لیڤەرپوول - بارسێلۆنا | 07:15 |
| **یەکشەممە 2016/8/7** | |
| وێستهام - یوڤانتۆس | 03:00 |

رووداو وەرزشی
ژمارە ( 410 )
سێشەممە 2016/8/2

## ریکۆردی شکاند



سیباستیان جیۆڤینکۆی یاریزانی پێشووی یانەی یوڤانتۆسی ئیتاڵی، ریکۆردێکی لە خولی تۆپی پێی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای شکاندو بووە باشترین جێبەجێکاری لێدانەکانی راستەوخۆ لە مێژووی ئەو خولەدا، سەرەڕای ئەوەی زۆر لەو ئەستێرانە بەشداریان لەو خولەدا کردووە، کە ناوبانگێکی زۆریان لە رووی جێبەجێکردنی لێدانەکانی راستەوخۆدا هەبووە، وەک داڤید بێکهامی ئینگلیزی و ئەندریا پێرلۆی ئیتاڵی و چەندانی دیکەش. جیۆڤینکۆ تاوەکو ئێستا 7 گۆڵی لە لێدانەکانی راستەوخۆ تۆمارکردووە، کە پێشتر هیچ یاریزانێک لەو خولەدا ئەو ژمارەیەی تۆمار نەکردووە.



ڕێبوار محەممەد

# ئەو ڤایرۆسەی بارسا بڵاویکردەوە

بارسیلۆنای گواردیۆلا، نەک گۆڕانکاری لە شێوازی بیرکردنەوە لە تیپ و نازناو و تەکتیکی تۆپی پێدا دروستکرد، بەڵکو فۆکەسی جیهانی تۆپی پێی خستە سەر شوێنێک لە پێکهاتەی یاریزانەکاندا کە پێشتر کەم کاری لەسەر کرابوو، ئەو شوێنەش ناوەڕاستی یاریگە بوو.

کە دەڵێم ناوەڕاستی یاریگە مەبەستم ئەوە نییە بڵێم بەر لە بارسا یانەکان بایەخیان بە ناوەڕاست نەدەدا، نەخێر، چونکە رووینەداوە یانەیەک کەمتر لە چەند یاریزانێکی ناوەڕاستی هەبێت، یان بەبێ یاریزانی ناوەڕاست یاری بکات. بەڵام ئەوەی دەیڵێم ئەوەیە کە بارسا بەهای دایە ئەو هێڵە، چاڤی، ئینێستا و بۆسکێس، هەندێکجار مێسیش، لە دونیایان گەیاند دەکرێت هێزی تیپەکە لە ناوەڕاستەوە سەرهەڵبدات نەک لە هێرشبەر وەک پێشتر یان بەرگری وەک کاتیناچۆی ئیتاڵی.

با ئەمە سەرەتایەک بێت بۆ ئەوەی دەمەوێ بیڵێم.

ئەو چەند ساڵەی لە دوای درەوشانەوەی بارساوە هاتن لە 2008 بەدواوە، بازاڕی گواستنەوەی یاریزانان و گرێبەستەکانیش بەها و بایەخی زۆریان بە یاریزانانی ناوەڕاستدا. هەر ئەوەش وایکردووە زۆرترینی ئەو یاریزانانەی ئەمساڵ و چەند ساڵی پێشووش زۆرترین هەڵایان لەسەر بووە، یاریزانی ناوەڕاست بن.

ئێستا کاتێک تەماشای لیستی یانە گەورەکانی ئەورووپا دەکەیت، دەبێ بەلاتەوە ئاسایی بێت زۆرینەی پێکهاتەی یانەکان یاریزانانی ناوەڕاست بن، بە چاوپۆشین لەوەی هەندێک لە باڵ، هەندێک لە چەق و هەندێکیش وەک یاریساز یاریدەکەن.

با قسەکانم بە نموونە پشتگیری بکەم، لیستی یانەکان بەپێی ناوەکانیان بەم شێوەیەیە: ئارسیناڵ 11 یاریزانی ناوەڕاست بەبێ ئەلێکسیس سانچێز و والکۆت، چێلسی 11 یاریزان، مانچێستەر سیتی 13 یاریزانی ناوەڕاست و لیرۆی سانیش کردییە 14، مانچێستەر یونایتد 13 ناوەڕاستکار و پۆگباش لە گەیشتندایە، ئاتلێتیکۆ مەدرید 10 ناوەڕاستکار، بارسیلۆنا 11 ناوەڕاستکار، یۆڤینتۆس 13 ناوەڕاستکار، بایرن میونشن 13 ناوەڕاستکار ، بۆرووسیا دۆرتمۆند 15 ناوەڕاستکار ، پاریس سانجێرمان 10 ناوەڕاستکار ، ریال مەدرید 8 ناوەڕاستکار.

یاریزانانی ناوەڕاست ئێستا خاوەنی گرانترین نرخن و زۆرترین داواکاریشیان لەسەرە. لە خۆڕا نییە دوو هاوین لەمەوپێش گرانترین یاریزان جەیمس رۆدریگێز بوو کە بە 80 ملیۆن یۆرۆ چووە ریال مەدرید، وەرزی رابردووش کیڤن دی برۆین بە 55 ملیۆن چووە مانچێستەر سیتی و ئەمساڵیش هەموومان ئاگادارین سەرتۆپی یاریزانەکان و گرانترینیان پۆل پۆگبایە کە نرخەکەی دەگاتە 120 ملیۆن یۆرۆ لە ئەگەری چوونی بۆ مانچێستەر یونایتد.

ئەو بایەخە زۆرەی ئێستا جیهانی تۆپی پێ بە ناوەڕاستکارانی دەدات، هەمووی لە ڤایرۆسەکەی بارساوە سەریهەڵدا. ئەو ڤایرۆسەی بە هۆی سیانەکەی کە پێشتر باسمکرد، کۆنترۆڵی تۆپی پێی جیهانی کرد بۆ چەندین ساڵ و هەر ئەوەش وایکرد لێکدانەوە و تێڕوانین بۆ یاریزانانی ناوەڕاست و نرخیان، لەسەر ئاستی جیهاندا گۆڕانکاری گەورە بەخۆوە ببینێت.

گەرچی پۆگبا ئەستێرەیەکە لە رێگەی راکێشانی سەرنجی جیهاندا بەلای خۆی و لەوانەیە بەگواستنەوەی بۆ مان یونایتد بچێتە ریزی ئەو گەورانەوەی بەهای رێکلامییان زۆر بەرزە، بەڵام ئەوەی سەیرە چوونی ئاندرێ گۆمێشی پۆرتوگالییە بۆ بارسیلۆنا خۆی بە بەهای 35 ملیۆن و چەندین زیادەدا کە بەهاکەی دەگەنێتە 70 ملیۆن یۆرۆ.



### تەنیا گۆشت مریشکی پێبدەن..

# دەبابەکە تاکە رزگارکەری ئینگلتەرایە

رووداوی وەرزشی - GULF NEWS

ئەدیبایۆ ئەکینفینوا، هێرشبەری ئینگلیزی بە رەچەڵەک کامیرۆنی، جەماوەری وەرزشیی و دەزگاکانی راگەیاندنی بەو مەرجە تاساند، کە بۆ رازیبوون بە بیرۆکەی یاریکردن بۆ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا دایناوە.

ئەکینفینوا، کە زەبەلاحترین یاریزانی تۆپی پێیە لە جیهاندا، لە میانی گرتەیەکی ڤیدیۆیی، مەرجی قبوڵکردنی بانگهێشتی راهێنەری تازەی هەڵبژاردەی ئینگلتەرای داناوە، ئەویش پێدانی ژەمێک مریشکە پێش هەموو یارییەک، پێویستە بانگهێشتکردنەکەشی لە رێگەی واتس ئاپەوە بێت. ئەو هێرشبەرە ئینگلیزییە دەڵێت «من ئامادەم لە یەک حاڵەت یاری بۆ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بکەم، ئەویش ئەوەیە پێش هەر یارییەک کە بەشداری تێدا دەکەم، چەند ژەمێک مریشکم بۆ دابین بکەن، ئەگەر مریشک هەبێت یاری دەکەم، ئەگەر مریشکیش نەبێت یاری ناکەم». ئەکینفینوا هەر بەوەندە ناوەستێت، بەڵکو لەوەش دوورتر دەڕوات و لەسەر سەپاندنی مەرجەکانی بەردەوام دەبێت و دەڵێت «هەروەها دەمەوێ بیگ سام (سامی ئالاردایس راهێنەری تازەی ئینگلتەرا) بانهێشتەکەی خۆی لە رێگەی واتس ئاپەوە بۆم بنێرێت، بۆ ئەوەی بچمە ریزی کۆمەڵەکەی، منیش راستەوخۆ بە داواکارییەکەی رازی دەبم، من و ئاندی کارۆل دەتوانین لەدوایین ساتەکاندا ئینگلتەرا رزگار بکەین». ئەدیبایۆ ئەکینفینوا، بەمدواییە چووە ریزەکانی یانەی وایکۆمپ واندەرز، کە لە ریزی یانە پلە چوارەکانی خولی ئینگلیزی یاری دەکات، لە هیچ قۆناخێکی تەمەنیش یاری بۆ هەڵبژاردەی ئینگلتەرا نەکردووە.

پێشبڕکێ





## بە کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:
0750 833 3555



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

ئاراز مەحموود لە رانیە

بە لێدوانی:

( یەکێکیان گۆڵکەرە، ئەوەی دیکە پەیکەرە )

## 6 LOTTO

### پەنجاهەمین پێشبڕکێ

رووداو وەرزشی

ژمارە (410) سێشەممە 2016/8/2

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی)ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

خەڵاتەکان

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ..............................

مۆبایل : ..............................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە





RÛDAW
(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات
www.rudaw.net
لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرکەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە